# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ دابەشبوون و هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشاری ڕانیە

م.ی. محمد وتمان محمد م.ی. شاسوار محمد محمود
زانكۆی ڕا پەڕین
فاكەڵتی زانستەمرۆڤایەتیەكان
بەشی جوگرافیا

## پوختەی توێژینەوەكە

لەژیانی ئەمرۆی مرۆڤایەتی دا و لەو جەنجاڵی ژیان و ژاوەژاوی شار، خزمەتگوزاری بەشێوەیەکی گشتی و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی تایبەتی، یەکێکە لەهەرە پێداویستیەکانی ژیانی هەر تاکێکی دانیشتوان، تاوەکو بەهۆیەوە هەست بەحەوانەوە و ئارامی جەستەیی و دەرونی بکات و دوور بکەوێتەوە لە ئیش کردن و کاروباری ڕۆژانەی.

ئەم لێکۆڵینەوەیە لایەنێکی پڕ بایەخ و کاریگەر لە بابەتی جوگرافیای خزمەتگوزاری تاوتوێ دەکات ئەویش خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە، لە ناوچەیەکی گرنگی دانیشتوان کە شاری ڕانیەیە، ئاماجی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە شیکردنەوەی چۆنیەتی دابەش بوونی جوگراف خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یە لە شاری ڕانیە، وە هەڵسەنگاندنی ئاست و توانای خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە، بۆ ئەم ئامانجە، توێژەران میتۆدی لێکۆڵینەوەی شیکردنەوەو بەراوردکاری بەکارهێناوە لەگەڵ شێوازی چەندێتی بۆ هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکانی شاری ڕانیە بەبەکارهێنانی ئاماری ژمارەی دانیشتوان و ژمارەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی و پێوەرەکانی (بەرکەوتەی تاك) تایبەت بە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی.

لەکۆتایدا، توێژینەوەکە گەیشتوەتە چەند دەرئەنجامێك، لەگرنگترینیان خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە دا بریتین لە باخچەو پارکەگشتییەکان، یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی، کتێبخانەکان، ناوەندو سەنتەرەرۆشنبیریەکان، ڕووە کراوە ئاویەکان و مەلەوانگەکان، کافتریاو گازینۆو یانەکان، سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت، هەروەها خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە ڕوبەری (١.٩٨) کم$^2$ پێکهێناوە، کە دەکاتە ڕێژەی (١٢.٦ ٪) ی کۆی ڕووبەری شاری ڕانیە بەپێی سنوری شارەوانی ٢٠١٠، کە ڕووبەرەکەی (١٥.٦٥) کم$^2$ یە، کە بەشێوەیەکی نارێك دابەش بوون بەسەر گەڕەکەکانی شاردا.

هەروەها توێژینەوەکە چەندین ڕاسپاردەی گرنگی خستوەتەڕوو، لەگرنگترینیان، پلانی بەردەوام هەبێت بۆ ئەو گەڕەکە نوێیانەی کە دروست دەبن لەشاری ڕانیە، یاخود دەخرێنە ناو سنوری شارەوانییەوە، بەجۆرێك ڕێژەیەکی گونجاو بەپێیی پێوەرە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان زەوی تەرخان بکرێت بۆ سەرجەم خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان.

**پێشەکی:**

لـەژیانی ئـەمرۆی مرۆڤایـەتی دا و لـەو جـەنجاڵی ژیـان و ژاوەژاوی شـار، خزمــەتگوزاری بەشـێوەیەکی گشـتی و خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەشێوەیەکی تایبـەتی، یەکێکـە لەهـەرە پێداویسـتیەکانی ژیـانی هـەر تاکێـك، تـاوەکو بەهۆیەوە هەست بەحەوانەوە بە ئـارامی جەسـتەیی و دەرونـی بکـات و دوور بکەوێتـەوە لـە ئـیش کـردن و کاروبـاری ڕۆژانەی، ئەم توێژینەوەیە لایەنێکی پڕ بایەخ و کاریگەر لە بابەتی جوگرافیای خزمەتگوزاری تـاوتوێ دەکـات ئـەویش خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانییە، لەناوچەیەکی گرنگی دانیشتوان کە شاری ڕانیەیە.

ئامانجی توێژینەوەکە:

ئاماجی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە شیکردنەوەی چۆنیەتی دابەش بوونی جوگراف خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یە لـە شاری ڕانیە، وە هەڵسەنگاندنی ئاست و توانای خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە.

گریمانەی توێژینەوەکە:

١. کەمی زۆربەی لایەنەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە.
٢. ناڕێکی لە دابەشبوونی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەسەر گەڕەکەکانی شار.

کێشەی لێکۆڵینەوەکە:

١. کەمی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یە لە شاری ڕانیە، سەبارەت بە گەڕەك و بەرکەوتەی تاك بۆ هەر یەکێك لە خزمەتگوزەرانیەکان.
٢. سەرەڕای کەمی خزمـەتگوزاری خۆشـگوزەرانی، خـراپ دابەشـبوونی خزمەتگوزاریەکانـە، لەهەنـدێك گـەڕەك خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی ڕێژەیەکی باشی تێدایە، بەڵام لە هەندێك گەڕەکی تر زۆر کەمەو لەهەندێکی تر هەر نیە.

میتۆدی توێژینەوەکە:

هەر توێژینەوەیەکی زانستی پێویستی بەوە هەیە کە میتۆدێك یان چەند میتۆدێکی زانستی بەکاربهێنێت ، بەمەبەستی گەیشتن بە ئامـانجی توێژینەوەکـە توێـژەران میتـۆدی توێژینـەوەی شـیکردنەوەو بـەراوردکاری بـەکارهێناوە، لەگـەڵ شێوازی چەندێتی لە هەڵسەنگاندنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکانی شاری ڕانیـە بەبـەکارهێنانی ئامـاری ژمـارەی دانیشتوان و ژمارەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی و پێوەرەکانی تایبەت بە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی.

کێشەکانی بەردەم توێژینەوە

هەر توێژینەوەیەك کێشەو گرفتی دێتە پـێش، لـەم لێکۆڵنەوەیـەدا چـەندین گرفـت هاتۆتـە بـەردەم توێـژەران، بـەڵام توێژەران چەند ڕێگای تری گرتۆتە بەر بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، وەك :

١. نەبوونی زانیـاری سـەبارەت بـە ژمـارەی خزمـەتگوزاری خۆشـگوزەرانی بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەرجەم دام و دەزگـا پـەیوەنـدی دارەکـان، بـۆ چارەسـەرکردنی ئەمــەش توێـژەران زیـاتر لـە (١٢) جـار سـەردانی مەیـدانی ئەنجامداوە.
٢. نەبوونی ڕووبەری زۆربەی بەشەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی، توێـژەران بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم گرفتـە، بەرنامەی Google Earth و بەرنامەی ArcGIS ArcMap ١٠,٣ ی بەکارهێناوە، بۆ دەرهێنـانی ڕووبـەری هەندێك بەشی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە.

پلانی توێژینەوەکە:

بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە پوختەی پلانەکە دابەش کراوە بۆ پێشەکیەك و سێ بەش و دەرئەنجام و لیستی سەرچاوەکان ، بەشەکانی توێژینەوەکەش بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش کراوە:

باسی یەکەم : ناساندنی چوارچێوەی توێژینەوە

تەوەرەی یەکەم : ناساندنی شاری ڕانیە

تەوەرەی دووەم : ناساندنی زاراوەکان

تەوەرەی سێیەم : گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی

باسی دووەم : دابەش بوونی جوگرافی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە

باسی سێیەم : هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە

## باسی یەکەم
## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

لەم بەشەدا هەوڵ دەدەین شوێنی جوگرافی ناوچەی توێژینەوە بناسێین لە ڕووە جوگرافیەکەیەوە، وە هەروەها بۆئەوەی بەرچاو ڕوونیمان هەبێت لەسەر سەرجەم چەمك و زارەوەکانی تایبەت بە توێژینەوەکە کە لەتوێژینەوەکەدا هاتووە دەیانناسێنین، وە گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەخەینەڕوو.

تەوەرەی یەکەم : ناساندنی ناوچەی توێژینەوە

شاری ڕانیە سەنتەری قەزای ڕانیەیە دەکەوێتە بەشی باشوری ڕۆژهەڵاتی قەزاکە، لەگەڵ یەکە کارگێڕیەکانی دەوروبەردا لەبەشی باکوری ڕۆژئاوای لەگەڵ ناحیەی سەرکەپکان هاوسنورە و لەباکورو ڕۆژهەڵاتیەوە لەگەڵ ناحیەی سەنگەسەر هاوسنورە، کەسەر بەقەزای پشدەرەو لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ دەریاچەی دووکان، لە ڕۆژئاوای هاوسنورە لەگەڵ ناحیەی چوارقوڕنە، نەخشەی ژمارە(١) ، وە هەروەها دەکەوێتە بەشی باکوری ڕۆژئاوای پارێزگای سلێمانی و بەشی باکوری ڕۆژهەڵاتی هەرێمی کوردستانی عێراق، نەخشەی (٢)، لە ڕووی هەڵکەوتەی جوگرافیەوە شاری ڕانیە دەکەوێتە باکوری دەشتی بیتوێنەوە، لە باکوریەوەزنجیرە چیای کێوەڕش و لە ڕۆژهەلاتیش چیاکانی ئاسۆس و کۆلارەیەو لەڕۆژئاوەیەوە زنجیروچیاکانی ماکۆکەو لە باشوریەوە بەرزایەکانی کۆڵێنە[١].

سەبارەت بەپێگەی ئەسترۆنۆمی شاری ڕانیە، دەکەوێتە نێوان بازنەی پانی ٣٦:١٣:٣٠ بۆ ٣٦:١٦:٥٧ ی باکور و هێڵی درێژی ٤٤:٥١:٠٠ بۆ ٤٤:٥٤:٣٠ ی ڕۆژهەلات، نەخشەی(٣).

شاری ڕانیە شوێنێکی گرنگی هەیە چونکە وەك ئەڵقەیەکی پەیوەندی وایە، بەهۆی ئەوەی ئەو کاروانە بازرگانیانەی کە لە کۆیەوەبە(ڕانیە) دا تێدەپەڕن و لەوێشەوە بەرەو قەلادزێ دواتریش بەرەو شاری (سەردەشت)ی ئێران دەڕۆن، واتە شاری ڕانیە کەوتۆتە سەرێگای بازرگانی نێوان وولاتی عێراق و ئێران ئەمەش وای کردوە ناوچەی توێژینەوە لەڕووی هەڵکەوتەی شوێنییەوە بایەخێکی گرنگی هەبێت بەتایبەتی لەبواری بازرگانی[٢].

(١) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل٥.

(٢) پشتیوان شەفیق ئەحمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧–٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، (بڵاوکراوە)، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩، ل٧.

نەخشەی (١)

ناوچەی توێژینەوە بەپێی سەنتەری ناحیەو یەکەکارگێڕیەکانی دەوروبەری لەساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٣ ArcGis ArcMap پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، ٢٠١٠.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠.

نەخشەی (٢)

ناوچەی توێژینەوە بەپێی پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، ٢٠١٠.

٢. هاشم یاسین حمدأمین حداد و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق _ عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ل٣٩.

**نەخشەی (٣)**

**شوێنی ئەسترۆنۆمی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی ٢٠١٠**




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠.

هەڵكەوتەی شوێنی جوگرافیی شاری ڕانیە لەڕووی دابەشكاری بەرزی و نزمیەوە شاری ڕانیە لەسەر دەشتی ڕانیە هەڵكەوتووە و یەكێكە لە شارەكانی دەشتی شاخاویی پێچ خواردووی ساكار [١]، دەشتی ڕانیە درێژیەكەی لە ڕۆژهەڵات بۆ ڕۆژئاوا (٣٠) كم و پانیەكەشی (٢٠–٣٠)كم دەبێت، و نزیكەی (٥٠٠–٦٠٠) م بەرزە لەئاستی ڕووی دەریاوە[٢]، ڕووبەرەكەشی نزیكەی (٨٠٠)كم٢ دەبێت[٣].

سەبارەت بە ئاووهەوای شاری ڕانیە ئاووهەواكەی لە جۆری ئاووهەوای دەریای ناوەڕاستە. واتە زستان سارد و باراناوییە، هاوینی گەرم و وشكە، بەشێوەیەكی بەرچاویش لە زستاندا بەفر لەسەر چیاكانی دەبارێ، هاوینیشی گەرم و وشكە، تێكرای بارانی ساڵانەی لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٢ –٢٠١٤) بریتیەلە ( ٧٠١.١ ) ملم ە و ناوەندی پلەی گەرمی ساڵانەش (١٨.٥٤ ) [٤]، زۆربەی باران بارینی ناوچەكە لە جۆری بارانی بەرزە هەرێم و گەردەلوولە بارانە، لە ڕوی سامانی ئاوەوە لەناو سەنتەری ڕانیەدا، چەند سەرچاوەیەكی ئاو هەیە، هەر لەكۆنەوە تاوەكو ئێستاش سوودی هەیە لەبوارەكانی بەكارهێنانی وەكو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، هەروەها لە بواری كشتوكاڵدا زۆر سوودی هەیە بەتایبەتی لەبەرهەمهێنانی بەروبوومیی هاوینەدا ، گرنگترینیان سەرچاوەی ئاوی قولە و كوێرەكانی و كانی مەلا سلێمان و سەرچاوەی ڕەشە مێرگە، بێجگە لەسەرچاوەی ئاوی قولە ئەوانی تر هەموویان وەرزین[٥]، قولە سەرچاوەی سەرەكیی ئاوی شارەكەیە و ڕێژەیەكی زۆری ئاو لەوەرزەكانی ساڵدا لەبەر دەڕوات، كە بریتیە لە (٧٨١) لیتر/چركە[٦].

سەبارەت بەڕووبەری ناوچەی توێژینەوە، بە پێی نەخشەی بنەڕەتی ساڵی(٢٠١٠)، ڕووبەرەكەی (١٥,٦٥كم$^{٢}$)یە[٧]، كەئەمەش دەگاتە نزیكەی (١,٩٢٪) ی كۆی ڕووبەری قەزای ڕانیە كە ڕووبەری قەزای ڕانیە(٨١٣.٨كم٢)یە[٨].

هەروەها ژمارەی دانیشتوان لە ناوچەی توێژینەوە لەساڵی (٢٠١٠) بریتیە لە (٧١٢٩٥) كەس كە بەسەر (٣٤) گەڕەكی نیشتەجێبوون دا دابەش بوون، پاشكۆی (١).

---

(١) خەبات عەبدوڵڵا، بنەما تیۆریەكانی جوگرافیای عەسكەری كوردستانی باشور، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل١٤٥–١٤٦.

(٢) جزا توفيق طالب، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في اقليم كردستان، مركز للدراسات الآستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٧٦.

(٣) هەلەت رشيد عبدالله، علاقة المناخ بانتاج التبغ في المجافظة السليمانية، رسالة الماجستير، (غير منشوره)، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٦، ص١٥.

(٤) حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی كشتوكاڵ، بەڕێوەبەرایەتی كشتوكاڵی ڕانیە، بەشی كەش ناسی، داتای بڵاونەكراوە.

(٥) پێشڕەو سەمەد تۆفیق، شیكردنەوەیەكی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(٦) أحمد فليح فياض علي اللهيبي، حوض دوكان في المنطقة الجبلية من شمال العراق (دراسة جيومورفولوجية تطبيقية)، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية، جامعة الانبار(غير منشوره)، ٢٠١٥، ص٥٦.

(٧) حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆكایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،٢٠١٠، بەپێوەری ١:٥٠٠٠.

(٨) حكومەتی هەرێمی كوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، پرۆفایلی قەزاكانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، تشرینی دووەمی٢٠٠٨، ل٣١.

تەوەرەی دووەم : ناساندنی زاراوەکان

ناساندنی زاراوەکان بابەتێکی گرنگە لەناو توێژینەوەکانداو بەتایبەت توێژینەوە جوگرافیەکان، چونکە توێژەران ئاڕاستەی خۆی وەردەگرێت بۆ توێژینەوەی بابەتەکە بەپێی ناساندنی زاراوەو بابەتەکان، وە لەلایەکی تریش مەبەست و ئامانجی توێژەران ڕون و ئاشکرا دەبێت بۆ خوێنەر کە مەبەستی لەو بابەتە یا زاراوە یا ئاڕاستەی توێژینەوەکە چۆنە، لێرەدا چەند ناساندنێك بۆ هەریەکە لەزاراوەکانی بەکارهاتووی ناو توێژینەوەکەمان دەخەینەڕوو:

یەکەم : خزمەتگوزاری:

خزمەتگوزاری کۆمەڵێك چالاکی و خزمەتە، ئامانجەکەی پڕکردنەوەی پێداویستی دانیشتوانە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ، بەشێوەیەك کە باشترین سودی هەبێت بۆ دانیشتوان، بەگشتی خزمەتگوزاری دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

١. ئەو خزمەتگوزاریانەی کە ماددی نین وەك خزمەتگوزاری فێرکردن و خزمەتگوزاری تەندروستی حکومی و...هتر.
٢. خزمەتگوزاریە ماددی و ئابوورییەکان وەك هەندێ بەشی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بەتایبەت کەرتی تایبەت وەك سینەماو ئینتەرنێت و کافتریاکان[١].

هەندیکی تر وا پێناسەی دەکەن کە خزمەتگوزاری : هەموو ئەو خزمەتگواریانە دەگرێتەوە کە خزمەتی دانیشتوان دەکات و پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیان بۆ دانیشتوان فەراهم دەکات، جا ئەو خزمەتگوزاریانە لەلایەن دەوڵەت (کەرتی گشتی) یا دامەزراوەی تر (کەرتی تایبەت)ەوەبن، کە پێشکەشی دانیشتوان دەکرێت[٢]، توێژەران ئەم پێناسەیەی لا پەسەندە.

دووەم : خۆشگوزەرانی

خۆشگوزەرانی وەك هەر چەمکێکی تر واتاو تێگەیشتنی جۆراو جۆر خۆی هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو جیاوازیەی لەڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕادەی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاو شارستانی لەنێوان کۆمەڵگاکانی هەیە، چەمکی خۆشگوزەرانی (recreation) پێکهاتووە لە (re) بەمانای دووبارە، وە (creation) بە مانای دروستکردن یاخود گێڕانەوە دێت، لەم ڕوانگەیە پێناسەی زۆرو جۆراوجۆر بۆ خۆشگوزەرانی هاتۆتە کایەوە، لیژنەی پسپۆڕانی سەرپەرشتی لاوان لە ولاَتانی عەرەبی ئەوەیان ناساندووە کە خۆشگوزەرانی (چالاکیەکی ئاسایی یەو مەبەست خودی مرۆڤە، نەك دەست کەوتنی ماددی، چونکە بۆ بوژاندنەوەی توانستەکانی

---

(١) رياض كاظم سلمان الجميلي، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحة والترفيهية) في مدينة كربلاء، رسالة دكتوراه، (غير منشوره)، كلية التربية إبن رشد، جامعة بغداد، ٢٠٠٧، ص١٩-٢٠.

(٢) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، الأردن، ٢٠١٣، ص١٨.

تاك لە ڕووی وەرزشی و كۆمەڵایەتی و دەروونییەوە لەكاتە پشوەكاندا ئەنجام دەدرێت)[1]، وە هـەروەها الديڤـد گرايـت دەڵێت : (خۆشگوزەرانی كارێكی گەش بینانەی دەرونی و جوانی و گیانیە)[2].

سێیەم : خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بریتی یە لە كۆمەڵێك چالاكی و كردار كە دەبێتـە مایـەی حەسـانەوەو هەسـت كـردن بـە ئارامی و دەرونی، بەجۆرێك گونجاو لەگەڵ تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری تاكەكان[3].

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی بریتیە لە چالاكیەكی هۆشمەندانە لەكاتی پشوودا ئەنجام دەدرێت و خۆشـی و دڵنـەوای بۆمرۆڤ دەگێڕێتەوەو زیندوێتی تاك نوێ دەكاتەوە[4].

كەواتە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەكاندا كۆمەڵێك خزمەتگوزاری دەگرێتـەوە، وە جۆرەكـانی خزمـەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارێك بۆ شارێكی تر جیـاوازە، وە لـە لێكۆڵینەوەكانـدا بەشـێوازی جیـاواز بـاس لـە خزمـەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەكرێت، ئەوەی لـەم توێژینەوەیـەدا بـاس لـە خزمـەتگوزاری خۆشـگوزەرانی لـە ناوچـەی توێژینـەوە دەكــەین بــریتین لــە ( باخچــەو پاركەگشــتییەكان، یاریگــاو هۆڵــەكانی لــەش جــوانی، كتێبخانــەكان، ناوەنــدو سەنتەرەڕۆشــنبیریەكان، ڕووە كــراوە ئاویــەكان و مەلەوانگــەكان، كافتریــاو گــازینۆو یانــەكان، ســەنتەرەكانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت).

چوارەم : كاتەكانی بەتاڵی

زاراوەی (Leisure) لە ڕووی زمانەوانیەوە لە دەربڕینە لاتینیەكـەی وەرگیراوە (Licer) واتـە مـرۆڤ دەبێـت ئازاد بێت یان مانای ڕێپێدراو دەگەیەنێت[5]، ك.ڕۆبەرتس پاش دركاندنی چەمكی كاتی ئازاد دەڵێت (ئەو كاتەیـە تـاك تێیدا ئازادە لە كاركردن و ئەركەكانی ترو بەسود دەبێت بۆ حەوانەوە و ڕابواردن و دروستكردنی پێگـەی كۆمەڵایـەتی یاخو گەشەی كەسێتی) یان دەتوانین بڵێن ئەو كاتەیە دوای بەجێ گەیاندنی كارو نوستن دەمێنێتەوە[6].

بەسەر بردنی كاتەكانی بەتاڵی لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر جیاوازە، كەسێك دەچێت بۆ یاریكردن و یەكێكی تر بۆ هۆڵی شانۆو....هیتر[7].

(١) شـێروان عمـر رشـيد، بنـەماكانی جوگرافیـای سروشـتی و گەشـە پێـدانی گەشـت و گـوزار لـە پارێزگـای سـلێمانی، نامـەی ماسـتەر، (بلاوكراوە)، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەكان، زانكۆی سلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٦-٢٧.

(٢) لوقمان وسو عمر، بنەماكانی جوگرافیای گەشت و گوزار بەپراكتیزەكردنی لـە قـەزای كۆیـە، سـەنتەری توێژینـەوەو پەخشـی كۆیـە، چاپخانەی شەعب، چاپی یەكەم،٢٠٠٩، ل٣٣.

(٣) خلف حسين على الدليمى، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (أسس – معايير – تقنيات)، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٩، ص١٩٣.

(٤) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المصدر السابق، ص١٠٧.

(٥) لوقمان وسو عمر، بنەماكانی جوگرافیای گەشت و گوزار بەپراكتیزەكردنی لە قەزای كۆیە، سەرچاوەی پیشوو، ل٣٤.

(٦) شێروان عمر رشید، بنەماكانی جوگرافیای سروشتی و گەشە پێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٧) لوقمان وسو عمر، بنەماكانی جوگرافیای گەشت و گوزار بەپراكتیزەكردنی لە قەزای كۆیە، سەرچاوەی پیشوو، ل٣٦.

پێنجەم : پێوەرەکانی هەڵسەنگاندن

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەکاندا بەهۆی چەند پێوەرێکەوە هەڵدەسەنگێندرێت، لەڕووی چەندێتی خزمەتگوزاریەکانی خۆشگوزەرانی لەشاردا[١]، ئەمەش بەهۆی بەکارهێنانی چەند پێوەرێکی ناوخۆیی و دەرەوەی وڵاتان بەراورد بەباری ئێستای خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشاردا[٢].

هەروەها لەو توێژینەوەیەدا ئەگەر خزمەتگوزاریەکی خۆشگوزەرانی پێوەری نەبوبێت بۆ هەڵسەنگاندنی، ئەوا بەهۆی جیاوازی ژمارەیی خزمەتگوزاریەکە لەنێوان گەڕەکەکانی شاردا هەڵسەنگاندنمان بۆ کردووە.

تەوەرەی سێیەم : گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یەکێکە لەو خزمەتگوزاریانەی کەبڵاوبوونە لەشارەکاندا، ئەمەش لەپێناو حەسانەوەی جەستەی و عەقڵی و دەرونی تاکەکان بۆ هەموو گروپەکانی تەمەن و جیاوازی ئاستی ڕۆشنبیری، پلان دانەرانی شار هەموو کات لەکاتی دانانی پلان بۆ شارەکان ڕوبەری فراوان بۆ مەبەستی خۆشگوزەرانی لەبەرچاودەگرن لەبەر گرنگی ئەو خزمەتگوزاریە[٣].

دەتوانین لێرەدا گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەکاندا لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆبکەینەوە[٤]:

١. پڕکردنەوەی کاتەکانی بەتاڵی بەباشترین شێوە، یەکێك لەو کێشانەی کەدوچاری دانیشتوان دەبێتەوە نەبوونی کاتی بەتاڵە، یاخود کەمی کاتە، وە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەکاندا هۆکارێکی باشە بۆ پڕکردنەوەی کاتەبەتاڵەکانی دانیشتوانی شار بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و هەست کردن بە ئارامی.

٢. خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی گرنگیەکی گەورەی هەیە بۆ منداڵان لەکاتێکدا منداڵان تەنها لەناوچەی نیشتەجێ بوون و باڵەخانەکانن و هیچ دەرفەتێکی یاری کردنیان نیە، خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی چەندین یاریگای منداڵان و شاری یاری لەخۆ دەگرێت، و دەرفەتێکی باشە بۆ دروکەوتنەوەی منداڵ لە باڵەخانەکانی نیشتەجێ بوون.

٣. هەندێ لە چالاکیە خۆشگوزەرانیەکان یارمەتی پەرەپێدانی توانا عەقڵی و جەستەییەکانی گەنجان و منداڵان دەدات وەك وەرزش لەیاریگاکان و سەنتەری گەنجان و سەنتەرەکانی ئینتەرنێت و ناوەندەڕۆشنبیریەکان.

٤. ناوچە خۆشگوزەرانیەکان دەبنە هۆکارێك بۆ ناسینی شار لەلایەن خێزانەکان و تێکەڵاوی لەنێوان تاکەکان و دروست دەبێت لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە.

٥. ناوچەکانی خۆشگوزەرانی بەتایبەت باخچەو پارکەگشتیەکان یەکێکن لەهۆکارە سەرەکیەکانی خۆشکردنی ئاووهەوا شار.

٦. خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەشارەکان بەیەکێك لەهۆکارەکانی جوڵەی ئابووری لەشارەکان دادەنرێت، وەك قاوەخانەکان و کافتریا و یانەکان و سەنتەرەکانی ئینتەرنێت.

(١) أحمد محمد النعيمى، التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينة بغداد، مجلة الإدارة والإقتصاد، الجامعة المصتنصرية، بغداد، عدد (٧٨)، ٢٠٠٩، ص٢٣٠.

(٢) خلف حسين على الدليمى، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية، المصدر السابق، ص٢٠٦.

(٣) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المصدر السابق، ص١٠٧.

(٤) خلف حسين على الدليمى، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية، المصدر السابق، ص١٩٤–١٩٥.

٧. پێشکەوتنی تەکنەلۆجی و هونەری لەبواری گواستنەوە لەناو شارداو پێشکەوتنی ڕێگاکانی هاتوچۆ و بەستنەوەیان بەناوچەکانی خۆشگوزەرانی[(١)].

## باسی دووەم

## دابەش بوونی جوگرافی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە

دوای پێشکەوتنی کۆمەڵگا لەڕووی ئابوری و شارستانی و ڕۆشنبیرییەوە ڕۆڵی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی وەك شێوازێك بۆ بەگەڕخستنەوەی چالاکی مرۆڤ لەکارکردندا دەردەکەوێت، چونکە هەر کۆمەڵگایەکی هاوچەرخ پڕە لە فاکتەری ئاڵۆزو گرژی و مرۆڤ پێویستی بە شێوە جیاوازەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی هەیە[(٢)].

خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە ڕوبەری (١,٩٨) کم$^{٢}$ پێکهێناوە، کە دەکاتە ڕێژەی (١٢,٦ ٪) ی کۆی ڕوویەری شاری ڕانیە بەپێی سنوری شارەوانی ٢٠١٠، کە ڕووبەرەکەی (١٥,٦٥) کم$^{٢}$ یە، شێوەی (١).

شێوەی (١)

بەکارهێنانی زەوی لەشاری ڕانیە لەساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە : کاری توێژەرانان پشت بەست بە :

- حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، ٢٠١٠.

(١) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المصدر السابق، ص١٠٩.

(٢) سەلاحەدین حەفید، لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی هەردوو کەرتی پیشەسازی خزمەتگوزاری پارێزگای دهۆك (١٩٧٨–١٩٨٩)، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (٢)، ١٩٩٩، ل٣٨.

لەخشتەی (١) جۆرو ڕووبەرو ڕێژەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠ خراوەتەڕوو.

خشتەی (١)

جۆرو ڕووبەرو ڕێژەی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠(*)

| ژ | جۆری خزمەتگوزاری | ژمارەی خزمەتگوزاری | ڕوبەر بە م٢ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | باخچەو پارکەگشتیەکان | ٢٤ | ١٢٢٣٩٧ | ٦١.٨ |
| ٢ | یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی | ١٧ | ٥٨١٥٠ | ٢٩.٤ |
| ٣ | کتێبخانەکان | ٢ | ٤٩٥٠ | ٢.٥ |
| ٤ | ناوەندو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان | ٩ | ٤٦٠٠ | ٢.٣ |
| ٥ | ڕوبەری ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان | ٤ | ٤٠٠٠ | ٢.٠ |
| ٦ | کافتریاو گازینۆ و یانەکان | ٨ | ٣٠٠٠ | ١.٥ |
| ٧ | خزمەتگوزاری ئنتەرنێت | ٤ | ٨٥٠ | ٠.٤ |
| کۆی گشتی | | ٦٩ | ١٩٧٩٤٧ | ١٠٠ ٪ |

سەرچاوە : کاری توێژەرانان پشت بەست بە :

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .
٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی .
٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،٢٠١٠، بەپێوەری ١:٥٠٠٠.
٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی باخچەکان
٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی، ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.
٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لەپارێزگای سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ڕانیە
٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، کتێبخانەی گشتی ڕانیە .
٨. سەردانی مەیدانی ، بەرواری ٣ / ٥ / ٢٠١٦
٩. سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٧ – ١٩ / ٥ / ٢٠١٦ .
١٠. سەردانی مەیدانی، بەرواری ٢٧ / ٥ / ٢٠١٦ .

(*) توێژەران لەئێستادا، واتە لەساڵی (٢٠١٦) داتاو ئامارەکانی ساڵی (٢٠١٠)ی بەهۆی سەردانی مەیدانی وەرگرتوە، چونکە سنوری لێکۆڵینەوەکەمان لە ماوەی ساڵی (٢٠١٠)، ئەم تێبینی یە، بۆسەرجەم سەردانە مەیدانیەکانی تریش هەروایە.

لەخشتەی (١) بۆمان دەردەکەوێت کە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی (باخچەو پارکەگشتیەکان) ڕێژەی (٦٨,١٪) ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی داگیرکردووە و بەپلەی یەکەم دێت، وە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی (خزمەتگوزاری ئینتەرنێت) ڕێژەی (٠,٤٪)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی داگیرکردووە و بەپلەی حەوتەم دێت.

لێرەدا باسی دابەش بوونی جوگرافی هەریەک لە جۆرەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی دەکەین لە ناوچەی توێژینەوە، بەپێی داگیرکردنی زۆرترین ڕووبەر.

تەوەرەی یەکەم : باخچەو پارکە گشتیەکان

باخچەو پارکە گشتیەکان ڕوویەرێکی سەوزاییە کەچڕە بەڕووپۆشی ڕووەکی و دار، گشتی و کراوەن بۆ سەرجەم هاولاتیان بۆ بەسەربردنی کاتەکانیان[1].

ناوچەی سەوزایی لە ئێستادا بەشێکە لە پێداویستیە سەرەکیەکانی شار کە چەند سودی هەیە دەبێتە هۆی مایەی (خۆشگوزەرانی و جوانی شار و باشکردنی بواری تەندروستی و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیری و کۆمەلایەتی و ئابوری و ئاستی زانستی و هتد) [2].

لە شاری ڕانیە (٢٤) باخچە و پارکی گشتیمان هەیە کە ڕووبەرەکەیان (١٢٢٣٩٧)م$^{2}$، خشتەی (٢)، ئەو ڕووبەرەش ڕێژەی (٦١.٨ ٪) ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پێکدەهێنێت.

خشتەی (٢)

ژمارەو روبەری باخچەکان بەپێی گەرەگ لەشاری رانیە لەسالی ٢٠١٠

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی باخچە | ڕوبەر بە م$^{2}$ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مامۆستایان | ١ | ٢٧٥٠ | ٢.٢٥ |
| ٢ | قولە | ١ | ٣٠٠ | ٠.٢٥ |
| ٣ | ماکۆك | ١ | ٢٦٢٥ | ٢.١٤ |
| ٤ | ڕەشەمێرگ | ١ | ٤٠٠ | ٠.٣٣ |
| ٥ | کێوەڕەش | ١ | ٢٢٥٠ | ١.٨٤ |
| ٦ | فەرمانبەران | ٢ | ١١٢٨ + ١٠٤٨ = (٢١٧٦) | ١.٧٨ |
| ٧ | هەوار | ١ | ١٠٠٠ | ٠.٨٢ |
| ٨ | ئازادی ٢ | ١ | ٦٠٥ | ٠.٤٩ |
| ٩ | نەورۆز | ٣ | ٣٣٠٠ + ٢١٠٠ + ٢٤٠٠ = (٧٨٠٠) | ٦.٣٧ |
| ١٠ | شەهیدان | ٢ | ٤٢٣٣ + ٤١٦٠ = ( ٨٣٩٣) | ٦.٨٦ |
| ١١ | کارێخ | ٢ | ٤٠٢٥ + ١١٧٠ = (٥١٩٥) | ٤.٢٤ |

(١) حکومة المملکة العربیة السعودیة، وزارة الشؤون البلدیة والقرویة، دلیل معاییر التخطیطیة للمناطق الترفیهیة، الریاض، الطبعة الاولی، ١٤٢٦هـ، ص٣.

(٢) بۆزانیاری زیاتر بروانە: صالح الشمرانی، المساحات الخضراء بمدینة مکة المکرمة، الجمعیة الجغرافیة الکویتیة، کویت، عدد(١١٩)، ١٩٨٨، ص٧٨– ٨٢.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ١٢ | سەرا | ٢ | ٥٦٢٣ + ٣٠٢ + (٥٩٢٥) | ٤.٨٤ |
| ١٣ | زانکۆ | ٣ | ٧٠٠٠٠ + ٢٧٢٨ + ٢٣٠٠ = (٧٥٠٢٨) | ٦١.٣٠ |
| ١٤ | کوێستان | ١ | ٣٠٥٠ | ٢.٤٩ |
| ١٥ | کۆدۆ | ٢ | ٢٧٠٠ + ٢٢٠٠ = (٤٩٠٠) | ٤.٠٠ |
| کۆی گشتی | | ٢٤ | ١٢٢٣٩٧ | ٪١٠٠ |

سەرچاوە : کاری توێژەرانان پشت بەست بە :

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی باخچەکان.

٢.حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی هونەری.

لە خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە باخچە و پارکە گشتیەکان بەسەر (١٥) گەڕەکی شار دا دابەش بوون وەهەندێك لە گەڕەکەکان زیاتر لە یەك باخچە و پارکی گشتی تێدایە، وەك هەر یەك لە گەڕەکەکانی (نەورۆز و زانکۆ) (٣) باخچەی گشتییان تێدایە، ڕووبەری باخچەکانیان یەك بەدوای یەکدا( ٧٨٠٠ م$^{٢}$ و ٧٥٠٢٨ م$^{٢}$) وە بەڕێژەی یەك بەدوای یەکدا (٦.٣٧ ٪ و ٦١.٣ ٪ ) لە کۆی ڕووبەری باخچە و پارکە گشتیەکان پێکدەهێنێنن، ئەو ڕووبەرە گەورەی کە باخچەکانی گەڕەکی زانکۆ هەیەتی هۆکارەکەی بوونی پارکێکی گەورەی شارە کە لەسەر ئاستی شارەکە هەژمار دەکرێت کە بە (پارکی دەروازە) ناسراوە، ئەم پارکە لە ساڵی (٢٠٠٨) دروست کراوە و ڕووبەرەکەی (٧٠٠٠٠)م$^{٢}$ ، کە پێکهاتووە لە (کافتریا و شوێنی یاری منالآن ، شوێنی پشوودان ، کەپری خێزان ، شوێنی دانیشتن و ئاهەنگ گێڕان و شانۆ و ، پارکی ئۆتۆمبێل و نافورەی ئاوی) وێنەی (١)، وە جۆری ئەو درەختانەی کە تیایدایە (ئاقافیا و ساناز و گوڵەباخی قەزەم و ژەهرە ماسی و سۆیا و شوشە شۆڕ و کالپتۆز.

وەهەروەها هەر یەك لە گەڕەکەکانی (فەرمانبەران و شەهیدان و کارۆخ و سەراو کۆدۆ) دوو باخی گشتییان تێدایە، بەجۆرێك ڕووبەری باخچەکانی گەڕەکی فەرمانبەران (٢١٧٦) م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (١.٧٦ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، وە ڕووبەری باخچەکانی گەڕەکی شەهیدان (٨٣٩٣) م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٦.٨٦ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەکانی گەڕەکی کارۆخ (٥١٩٥) م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٤.٢٤ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، وەهەروەها ڕووبەری باخچەکانی گەڕەکی سەرا (٥٩٢٥) م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٤.٨٤ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەکانی گەڕەکی کۆدۆ (٤٩٠٠) م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٤٪)ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، جێگەی ئاماژەیە یەکەمین باخچە کە دروست کراوە باخی گشتی ڕانیەیە لە ساڵی (١٩٥٧) کەوتۆتە گەڕەکی سەرا ئەو باخە داری سنەوبەر و گوڵی جۆراوجۆر و چیمەنی تێدایە ڕووبەرەکەی (٥٦٢٣)م$^{٢}$ یە، وێنەی (٢)، وەهەروەها هەریەك لە گەڕەکەکانی کوێستان و مامۆستایان و ماکۆك و کێوەڕەش و هەوار و ئازادی دوو و ڕەشەمێرگ و قولە و تەنها یەك باخچەیان هەیە، بە جۆرێك ڕووبەری باخچەی گەڕەکی کوێستان (٢١٧٦)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٢.٤٩ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە.

وێنەی (١)

پارکی دەروازە لەگەڕەکی زانکۆ



سەرچاوە : سەردانی مەیدانی، بەرواری ٢٠١٦/٥/٢٧.

ڕووبەری باخچەی گەڕەکی مامۆستایان (٢٧٥٠)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٢.٢٥ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەی گەڕەکی ماکۆك (٢٦٢٥)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٢.١٤ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەی گەڕەکی کێوەرەش (٢٢٥٠)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (١.٨٤ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە.

وێنەی (٢)

باخی گشتی ڕانیە لەگەڕەکی سەرا



سەرچاوە : سەردانی مەیدانی، بەرواری ٢٠١٦/٥/٢٧.

ڕووبەری باخچەی گەڕەکی هەوار (١٠٠٠)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٠.٨٢ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەی گەڕەکی ئازادی دوو (٦٠٥)م$^{٢}$، یە وە ڕێژەی (٠.٤٩ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی

شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەی گەڕەکی ڕەشەمێرگ (٤٠٠)م$^{2}$، یە وەڕێژەی (٠.٣٣ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، ڕووبەری باخچەی گەڕەکی قولە (٣٠٠)م$^{2}$، یە وەڕێژەی (٠.٢٥ ٪) ی کۆی ڕووبەری باخچەکانی شاری ڕانیەی پێکهێناوە، نەخشەی (٤).

سەبارەت بەو گەڕەکانەی کە باخچەیان نیە، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە تاوەکو ئێستا پڕۆژەی دروستکردنی باخچەیەن تیادا جێ بەجێ نەکراوە، جا بەهۆکاری نەبوونی دیاریکردنی شوێنی باخەکان بێت، یاخود بەهۆی نەبوونی بودجەی تەرخان کراو بێت بۆ ئەم بابەتە، وە لە هەندێك لەو گەڕەکانە شوێنی بەتاڵ و کراوە هەیە، کە زۆربەیان بۆ دروستکردنی باخچە دیاریکراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەکەوتووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەشێوەیەکی گشتی باخچەو پارکە گشتیەکانی شاری ڕانیە داپۆشراون بە چەند جۆرێکی جیاواز لە دارودرەخت و فریز ، جۆری ئەو دارانەی کە تیایدا چێنراوە بریتین لە ( ژەهرە ماسی و پەرژین و ڕۆبیانی چەتری و شیع و گوڵەباخ و بیبی ڕۆز و کالپتۆز و ژاڵە).

تەوەرەی دووەم : یاریگا و هۆڵەکانی لەش جوانی

چالاکی وەرزشی بە هەموو جۆرەکانیەوە یەکێکن لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی گرنگترین شوێنن کە دانیشتوان بە تایبەت گەنجان ڕوویان تێدەکەن بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و هەست کردن بە جوڵە و ئارامی دەروونیان[1].

لە ناوچەی توێژینەوە دا (١٧) یاریگا و هۆڵی لەش جوانی هەیە کە ڕووبەرەکەیان (٥٨١٥٠)م$^{2}$ یەو ڕێژەی (٢٩.٤ ٪) ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پێکدەهێنێت، لە ناوچەی توێژینەوە دا چەندین جۆری یاری وەرزشی هەیە بەڵام تەنها دوو جۆر ڕووبەری زەوی تەرخانکراو بە وەرزشی هەیە کە چالاکی وەرزشی لەسەر ئەنجام بدرێت، ئەوانیش یاریگاکان و هۆڵەکانی لەش جوانیە، لێرەدا بە جیا باس لە دابەش بوونی جوگراف هەردووکیان دەکەین:

أ. یارگاکان

لە ناوچەی توێژینەوە دا (١٤) یاریگا هەیە بەهەموو جۆرەکانی یارگای (داخراو وقوتسالی گەورەو بچوك و کراوە)، وە ڕووبەری (٥٧٠٠٠)م$^{2}$ ی پێکهێناوە، خشتەی (٣)، وە ڕێژەی (٩٨ ٪) ی کۆی ڕووبەری یارگاو هۆڵەکانی لەش جوانی پێکهێناوە.

(١) خلف حسین علی الدلیمی، تخطیط الخدمات المجتمعیة والبنیة التحتیة، المصدر السابق، ص٢٠١.

نەخشەی (٤)

دابەش بوونی جوگرافی باخچەو پارکەگشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە لەساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی باخچەکان.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی هونەری.

خشتەی (٣)

جۆرو ژمارەو روبەری یاریگاکان بەپێی گەڕەگ لەشاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | جۆری یارگا | ناوی گەڕەك | ژمارەی یاریگا | ڕوبەر بە م$^{٢}$ | |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | یاریگای داخراو | بنار | ١ | ٢٠٠٠ | ٣.٥١ |
| ٢ | یاریگای قوتساڵی بچوك | بنار | ١ | ٢٨٠٠ | ٤.٩١ |
| ٣ | یاریگای قوتساڵی گەورە | بنار | ١ | ٨٠٠٠ | ١٤.٠٤ |
| ٤ | یاریگای کراوەی گەورە | ماردین | ١ | ١٧٠٠٠ | ٢٩.٨٢ |
| ٥ | یاریگای فوتساڵی بچوك | نەورۆز | ٥ | ٢٨٠٠ + ٢٨٠٠ + ٢٨٠٠ + ٢٨٠٠ + ٢٨٠٠ = (١٤٠٠٠) | ٢٤.٥٦ |
| ٦ | یاریگای داخراو | ئازادی ٢ | ١ | ٢٠٠٠ | ٣.٥١ |
| ٧ | یاریگای قوتساڵی بچوك | ئازادی ١ | ٢ | ٢٨٠٠ + ٢٨٠٠ = (٥٦٠٠) | ٩.٨٢ |
| ٨ | یاریگای قوتساڵی بچوك | ڕاپەڕین | ١ | ٢٨٠٠ | ٤.٩١ |
| ٩ | یاریگای قوتساڵی بچوك | کێوەڕەش | ١ | ٢٨٠٠ | ٤.٩١ |
| کۆی گشتی | | | ١٤ | ٥٧٠٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەرانان پشت بەست بە :

حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی، ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.

لەخشتەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە یارگاکان بەسەر (٦) گەڕەکی شاردا دابەش بوون، گەڕەکی نەورۆز (٥) یارگای فوتساڵی بچوکی هەیە و ڕوبەرەکەیان (١٤٠٠٠)م$^{٢}$یە، و ڕێژەی (٢٤.٥٦ ٪) ی کۆی ڕووبەری یاریگاکان لەناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، وە سەرجەم یاریەکانی تێنسی سەرزەوی و یاری تۆپی پێ و باسکە و باڵە تیایاندا ئەنجام دەدرێت، هۆکاری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کۆمەڵگەیەکی گەورەی وەرزشی کەزۆربەی یارگای یاریە جۆربەجۆرەکانی لەخۆگرتووە، لەگەڕەکی بنار (٣) یاریگای هەیە کەبریتین لە یاریگای داخراو و فوتساڵی بچوك و فوتساڵی گەورە، و ڕوبەرەکەیان (١٢٨٠٠)م$^{٢}$ یە و ڕێژەی (٢٢.٤٦ ٪) ی کۆی ڕوویەری یاریگاکان لە ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، وە هەروەها لەگەڕەکی ئازادی دوو (٢) یارگای بچوك هەیە و ڕوبەرەکەیان (٥٦٠٠)م$^{٢}$یە و ڕێژەی (٩.٨٢ ٪) ی کۆی ڕوویەری یاریگاکان لە ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، وە لەسەرجەم گەڕەکەکانی تری شاردا یەك یاریگا هەیە، لەگەڕەکی ماردین یاریگای کراوەی گەورەی لێیە، کە جگە لە یاری تۆپی پێی یاریەکانی گۆرەپان و مەیدانی تیادا ئەنجام دەدرێت، ڕوبەرەکەی (١٧٠٠٠) م$^{٢}$یەو ڕێژەی (٢٩.٨٢ ٪) ی کۆی ڕوویەری یاریگاکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لەگەڕەکی ئازادی یەك یاریگای داخراوی لێیە، کە جگە لە یاری تۆپی پێی یاریەکانی باسکە و باڵەی تیادا ئەنجام دەدرێت، ڕوبەرەکەی (٢٨٠٠)م$^{٢}$ یەو ڕێژەی (٤.٩١ ٪) ی کۆی ڕوویەری یاریگاکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت، لەگەڕەکی کێوەڕەش یاریگای فوتساڵی بچوکی لێیە، ڕوبەرەکەی (٢٨٠٠)م$^{٢}$یەو ڕێژەی (٤.٩١ ٪) ی کۆی ڕوویەری یاریگاکانی ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێت.

ب. هۆڵەكانی لەش جوانی

لەناوچەی توێژینەوەدا (٤) هۆڵی لەش جوانی هەیە كە ڕووبەرەكەیان (١١٥٠)م$^{2}$یە، خشتەی (٤)، وە ڕێژەی (٢ ٪ ) ی كۆی ڕووبەری یاریگاو هۆڵەكانی لەش جوانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت.

خشتەی (٤)

ناوو ڕوبەری هۆڵەكانی لەش جوانی بەپێی گەرەگ لەشاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | هۆڵەكانی لەش جوانی | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م$^{2}$ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | هۆڵی كیك بۆكسینگ | قەلآت ١ | ٤٥٠ | ٣٩.١٣ |
| ٢ | هۆڵی لەش جوانی بەهێز | قەلآت ٢ | ٤٠٠ | ٣٤.٧٨ |
| ٣ | هۆڵی لەش جوانی ڕانیە | قولە | ٣٠٠ | ٢٦.٠٩ |
| كۆی گشتی | | | ١١٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٧ – ١٩ / ٥ / ٢٠١٦ .

لە خشتەی (٤)ەوە بۆمان دەردەكەوێت كە هۆڵەكانی لەش جوانی دابەش بوون بەسەر سێ گەڕەكی شاردا، لەگەڕەكی قەلآتی یەك هۆڵی كیك بۆكسینگی لێیە، كە ڕووبەرەكەی (٤٥٠)م$^{2}$یە ، و ڕێژەی (٣٩.١٣ ٪) ی كۆی ڕووبەری هۆڵەكانی لەش جوانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت، وە لەگەڕەكی قەلآتی دوو هۆڵی لەش جوانی بەهێزی لێیە، كە ڕووبەرەكەی (٤٠٠)م$^{2}$یە و ڕێژەی (٣٤.٧٨ ٪) ی كۆی ڕووبەری هۆڵەكانی لەش جوانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت، لەگەڕەكی قولە هۆڵی لەش جوانی ڕانیەی لێیە، كە ڕووبەرەكەی (٣٠٠)م$^{2}$یە و ڕێژەی (٢٦.٠٩ ٪) ی كۆی ڕووبەری هۆڵەكانی لەش جوانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت، نەخشەی (٥).

تەوەرەی سێیەم : كتێبخانەكان

كتێبخانەكان لەشارەكاندا ناوەندی بڵاوكردنەوەی زانست و زانیارین، ناوندێكن بۆ پەرەپێدان بە زانست و زانیاری تاكەكان، ژمارەیەكی زۆر لەدانیشتوان لەئاستەجیاوازەكان سەردانی كتێبخانەكان بەپێیی كاتەبەتاڵەكانیان[1].

لە ناوچەی توێژینەوە دا چەندین كتێبخانەو كتێب فرۆش و كتێب فرۆشی سەر شەقام هەیە، بەڵام زیاتر ئەوانە دەچنە بواری بازرگانییەوە، چونكە دانیشتوان بەمەبەستی كرینی كتێب سەردانییان دەكەن، وە زۆر كاتیش دانیشتوان بۆ بەسەربردنی كاتێكی خۆشگوزەران سەردانیان دەكەن، بەلام تەنها (٢) كتێبخانە هەیە كە خوێنەر سەردانییان بكات و تیایدا بمێنێتەوەو كاتێكی ئارام و بەچێژ بەسەر بەرێت، ڕووبەری كتێبخانەكان لە ناوچەی توێژینەوەدا (٤٩٥٠)م$^{2}$ یە، خشتەی (٥)، و ە ڕێژەی (٢.٥ ٪) لەكۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی ناوچەی توێژینەوە پێكدەهێنێت.

(١) المصدر نفسه، ص٢٠١.

نەخشەی (٥)

دابەش بوونی جوگرافی یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەرانان بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی، ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.

٢. سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٧ – ١٩ / ٥ / ٢٠١٦ .

خشتەی (٥)

ناوو ڕوبەری کتێبخانەکان بەپێی گەڕەگ لەشاری ڕانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | ناوی کتێبخانە | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م٢ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | کتێبخانەی گشتی | ڕاپەڕین | ٤٦٠٠ | ٩٢.٩ |
| ٢ | کتێبخانەی ئەندێشە | قەڵات | ٣٥٠ | ٧.١ |
| کۆی گشتی | | | ٤٩٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەرانان پشت بەست بە :

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، کتێبخانەی گشتی ڕانیە .
- سەردانی مەیدانی ، بەرواری ٢٠١٦/٥/٣

لەخشتەی (٥) بۆمان دەردەکەوێت کە تەنها (٢) کتێبخانە هەیەو دابەش بوون بەسەر (٢) گەڕەك دا، کتێبخانەی گشتی ڕانیە کەوتوەتە گەڕەکی ڕاپەڕین، ڕوبەرەکەی (٤٦٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (٩٢.٩٪) ی کۆی ڕوبەری کتێبخانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، وە هەروەها کتێبخانەی ئەندێشە کەوتوەتە گەڕەکی قەڵاتی یەك و ڕووبەرەکەی (٣٥٠ )م٢ یە و ڕێژەی (٧.١٪)ی کۆی ڕوبەری کتێبخانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

کتێبخانەی ئەندێشە زانستی و پرفرۆشی کتێبە، و شوێنی دانیشتن و مێز و کورسی خوێندنەوەو دانیشتن و کافتریایەکی بچوکی لێیە، خوێنەر یان سەردانیکەر کەشێکی ئارامی بۆ فەراهەم کراوە و کاتێکی خۆشگوزەرانی تیادا بەسەر دەبات، وێنەی (٣)، و نەخشەی (٦).

وێنەی (٣)

کتێبخانەی ئەندێشە لە گەڕەکی قەڵاتی یەك



سەرچاوە : سەردانی مەیدانی، بەرواری ٢٠١٦/٥/٢٦.

نەخشەی (٦)

دابەش بوونی جوگرافی کتێبخانەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، کتێبخانەی گشتی ڕانیە .

٢. سەردانی مەیدانی ، بەرواری ٢٠١٦/٥/٣

تەوەرەی چوارەم : ناوەند و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان

ناوەندە ڕۆشنبیریەکان لایەنێکی گرنگی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانین بۆ شارەکان، بەتایبەت شارەگەورەکان، وە لە شارە بچوکەکان کەمترن، بۆ زیاتر شارەگەورەکان لەڕوی شارستانی و کلتورە جیاوازەکاندا کراوەترو جۆراوجۆرن[1].

لە ناوچەی توێژینەوەدا چەندین ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیری هەن کە دانیشتوان لە کاتەبەتاڵەکاندا یاخود لەبۆنەو ئاهەنگەکاندا بەمەبەستی کات بەسەربردن وخۆشگوزەرانی سەردانی ناوەندو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان دەکەن، لە ناوچەی توێژینەوە (٩) ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیری هەیە، کە ڕووبەرەکەیان (٤٦٠٠)م٢ یە، خشتەی (٦)، وە ڕێژەی (٢.٣٪) ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی پێکدەهێنن لە ناوچەی توێژینەوەدا.

لە خشتەی (٦)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە لە ناوچەی توێژینەوە دا (٩) ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیری هەیە و بەسەر (٤) گەڕەکی شاردا دابەش بوون، ئەوانیش گەڕەکە کۆنەکانی شارن و لەبینای کۆن ڕووبەری بچوك و کرێ دان، گەڕەکی قولە گەلەری و مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی و سەنتەری میرزا مەنگوڕی لێیە، ڕوبەرەکەیان (١٧٠٠)م٢یەو ڕێژەی (٣٦.٩٦٪)ی کۆی ڕووبەری ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، گەلەری و مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی چەندین چالاکی هونەری وێنەکێشان و بابەتی کەلەپوری تیادایەو دانیشتوان بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش سەردانی دەکەن، وە لەگەڕەکی قەڵاتی یەك سەنتەری ئاسۆس و سەنتەری ڕایەڵ هەیە، ڕووبەرەکەیان (٥٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (١٠.٨٧٪)ی کۆی ڕووبەری ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، سەنتەری ڕایەڵ ناوەندێکە بۆ ئاڵوگۆرکردنی کەلتوری و ڕۆشنبیری لەسەر ئاستی دەرەوەی وڵات، و سالانە ڤیستیڤاڵی کەلتورە جیاوەزەکان سازدەکات بەبەشداری گروپەناوخۆییەکان و دەرەوەی وڵات، وێنەی (٤).

خشتەی (٦)

ناوو ڕوبەری ناوەندو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان بەپێی گەڕەگ لەشاری ڕانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | ناوی سەنتەر یان ناوندی ڕۆشنبیری | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م٢ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گەلەری و مۆزەخانەی ئەتنۆگرافی | قولە | ١٥٠٠ | ٣٢.٦١ |
| ٢ | سەنتەری ڕایەڵ | قەلات | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| ٣ | سنتەری میرزا مەنگوڕی | قولە | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| ٤ | سەنتەری ڕۆشنبیری ئاسۆس | قەلات | ٣٠٠ | ٦.٥٢ |
| ٥ | سەنتەری گەنجان | ڕەشەمێرگ | ١٦٠٠ | ٣٤.٧٨ |
| ٦ | سەنتەری گەنجانی ڕاپەڕین | سەرا | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| ٧ | سەنتەری ڕۆشنبیری گەنجانی ڕانیە | سەرا | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| ٨ | ناوەندی گەنجانی ڕاپەڕین | سەرا | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| ٩ | ماڵی گەنجانی ڕانیە | ڕەشەمێرگ | ٢٠٠ | ٤.٣٥ |
| کۆی گشتی | | | ٤٦٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەرانان پشت بەست بە : خشتەی (١) و حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لەپارێزگای سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ڕانیە .

(١) مازن عبدالرحمن الهيتي، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المصدر السابق، ص١١٦.

وەهەروەها لەگەڕەکی ڕەشەمێرگ سەنتەری گەنجان و ماڵی گەنجانی لێیە، ڕووبەرەکەیان (١٨٠٠)م$^{٢}$ یە و ڕێژەی (٣٩.١٣٪) ی کۆی ڕووبەری ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، سەنتەری گەنجان بەردەوام و بەتایبەت لەکاتی پشوەکانی خوێندن دا چەندین خول و چالاکی جۆربەجۆر دەکات وە وەك خولی مۆسیقا و هونەری وێنەکێشان و پەیکەرتاشی، کە بووەتە ناوەندێکی خۆشگوزەرانی و کات تیا بەسەربردن بەتایبەت بۆ گەنجان.

وێنەی (٤)

سێیەم ڤیستیڤاڵی سەنتەری رایەڵ بۆ ئاڵوگۆڕی کلتورە جیاوازەکان (رانیە–پارکی دەروازە)



سەرچاوە: ئەرشیفی بەرێز (ئاری مستەفا) ، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠١٣/٨/٢٨ .

وە لە گەڕەکی سەرا سەنتەری گەنجانی ڕاپەڕین و سەنتەری ڕۆشنبیری گەنجانی ڕانیەو ناوەندنی گەنجانی ڕاپەڕینی لێیە، ڕووبەرەکەیان (٦٠٠)م$^{٢}$ یەو ڕێژەی (١٣.٥٪) ی کۆی ڕووبەری ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، نەخشەی (٧).

نەخشەی (٧)

دابەش بوونی جوگرافی ناوەندو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٣ ArcGis ArcMap پشت بەست بە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لەپارێزگای سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ڕانیە .

تەوەرەی پێنجەم : ڕووە ئاویە کراوەو مەلەوانگەکان

ڕووە ئاویەکان یان مەلەوانگەکان مایەی خۆشگوزەرانی دانیشتوانی شارن، دانیشتوان زیاتر لەوەرزی هاوینان دا ڕوو لەو شوێنانە دەکەن کە ڕووی ئاوی کراوەن بەمەبەستی بەسەربردنی کاتێکی خۆش و هەست کرد بە چێژ، بەڵام مەلەوانگەکان لەهەموو وەرزەکانی ساڵ دانیشتوان ڕووی تێ دەکەن، لە ناوچەی توێژینەوە دا (٤) ڕووی ئاوی و مەلەوانگە هەیە، کە ڕووبەرەکەیان (٤٠٠٠) م٢ یە، خشتەی (٧)، وە ڕێژەی (٢٪) لەکۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە پێکدەهێنێن.

خشتەی (٧)

ناوو ڕوبەری ڕووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان بەپێی گەرەگ لەشاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | ڕوبەری ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م٢ (*) | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مەلەوانگەی ڕانیە | نەورۆز | ٨٠٠ | ٢٠ |
| ٢ | مەلەوانگەی نەورۆز | نەورۆز | ٨٠٠ | ٢٠ |
| ٣ | مەلەوانگەی شاهان | دەروازە | ١٠٠٠ | ٢٥ |
| ٤ | ڕوبەری ئاوی کراوەی قولە | قولە | ١٤٠٠ | ٣٥ |
| کۆی گشتی | | | ٤٠٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی .

(*) دەرهێنانی ڕوبەر بە بەرنامەی Google Earth و بەرنامەی Arc Map ١٠.٣ .

لە خشتەی (٧) بۆمان دەردەکەوێت کە رووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان دابەش بوون بەسەر سێ گەڕەك دا، لەگەڕەکی قولە رووی ئاوی کراوەی لێیە و ڕووبەرەکەی (١٤٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (٣٥٪) ی کۆی ڕووبەری رووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، ڕووی ئاوی کراوەی قولە هەڵدەقوڵێت و ئاوەکەی ڕێدەکات و کراوەیە، زیاتر منداڵان لەوەرزی هاویندا مەلەوانی تیادا دەکەن، لەگەڕەکی دەروازە مەلەوانگەی شاهانی لێیە و ڕووبەرەکەی (١٠٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (٢٥٪) ی کۆی ڕووبەری رووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە.

وە لە گەڕەکی نەورۆز دوو مەلەوانگەی لێ یە، مەلەوانگەی رانیەو مەلەوانگەی نەورۆز، ڕووبەرەکەیان (٨٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (٢٠٪) ی کۆی ڕووبەری رووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، نەخشەی (٨).

نەخشەی (٨)

دابەش بوونی جوگرافی ڕووە ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی ١٠.٣ ArcGis ArcMap پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی

تەوەرەی شەشەم : کافتریاو گازینۆ و یانەکان

کافتریاو گازینۆ و یانەکان لەم چەند ساڵانەی دواییدا گرنگیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی، بەهۆی کێبرکێی نێوخۆی خاوەن کافتریاو گازینۆ و یانەکان بەمەبەستی گەیاندنی زۆرترین و باشترین خزمەتگوزاری بۆ سەردانیکەرانیان[1].

لە ناوچەی توێژینەوە چەندین چایخانەو گازینۆ و یانە هەیە، بەلاَم زۆربەیان ڕێگەپێدراو نین و مۆڵەتیان نیە، ئەوەی کە ڕێك و پێکەو مۆڵەتی هەیە لە ناوچەی توێژینەوە دا (٨) کافتریاو گازینۆ و یانەیە، کە ڕووبەرەکەیان (٣٠٠٠)م$^{٢}$ یە، خشتەی(٨)، وە ڕێژەی (١.٥٪) ی لەکۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە.

خشتەی (٨)

ناوو ڕوبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکان بەپێی گەرەگ لەشاری رانیە لەساڵی ٢٠١٠

| ژ | کافتریاو گازینۆ و یانەکان | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م$^{٢}$ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | گازینۆی فەرمانبەران | قولە | ٤٠٠ | ١٣.٣ |
| ٢ | یانەی فەرمانبەران | سەرا | ٩٠٠ | ٣٠ |
| ٣ | گازینۆی ئەلەند | سەرا | ٢٠٠ | ٦.٦ |
| ٤ | گازینۆی میلیان | سەرا | ٣٥٠ | ١١.٦ |
| ٥ | یانەی کێوەڕەش | سەرا | ٢٥٠ | ٨.٣ |
| ٦ | کافتریاو گازینۆی شەوانی ڕانیە | ڕزگاری ٢ | ٤٠٠ | ١٣.٣ |
| ٧ | کافتریای شاری یاری | دەروازە | ٣٠٠ | ١٠ |
| ٨ | خواردنەوەی بڵند | پێشەوا | ٢٠٠ | ٦.٦ |
| کۆی گشتی | | | ٣٠٠٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: کاری توێژەران پشت بەست بە :

- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .
- حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی .
- سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٠-١١ / ٥ / ٢٠١٦ .

لەخشتەی (٨) بۆمان دەردەکەوێت کە کافتریاو گازینۆ و یانەکان لە ناوچەی توێژینەوە بەسەر (٥) گەڕەکی شاردا بلاَوبوونەتەوە، لەگەڕەکی سەرا یانەی فەرمانبەران و گازینۆی ئەلەند و گازینۆی میلیان و یانەی کێوەڕەشی لێیە، ڕووبەرەکەیان (١٧٠٠)م$^{٢}$ یە، و ڕێژەی (٥٦.٥٪) ی لەکۆی ڕووبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوەیان پێکهێناوە، لەگەڕەکی قولە گازینۆی فەرمانبەرانی لێیە، ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م$^{٢}$ یە، و ڕێژەی (١٣.٣٪) ی لەکۆی ڕووبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، لەگەڕەکی ڕزگاری دووکافتریاو گازینۆی

(١) ریاض کاظم سلمان الجمیلی، کفاءة التوزیع المکانی للخدمات المجتمعیة (التعلیمیة و الصحة والترفیهیة) في مدینة کربلاء، المصدر السابق، ص١٩٥.

شەوانی لێیە، ڕووبەرەکەی (٤٠٠)م٢ یە، و ڕێژەی (١٣.٠٣٪) ی لەکۆی ڕووبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، لەگەڕەکی دەروازە کافتریای شاری لێیە، ڕووبەرەکەی (٣٠٠)م٢ یە، و ڕێژەی (١٠ ٪) ی لەکۆی ڕووبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، لەگەڕەکی پێشەوا خواردنەوەی بلندی لێیە، ڕووبەرەکەی (٢٠٠)م٢ یە، و ڕێژەی (٦.٦ ٪) ی لەکۆی ڕووبەری کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوەی پێکهێناوە، بوونی ئەم کافتریاو گازینۆیانەش لەم گەڕەکانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەی ئەم گەڕەکانە نزیکترین شوێنن لە سەنتەری بازارەوە، وە زۆربەی زەوییەکانیان بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارهێناوە، بەلام زۆربەی گەڕەکانی تری ناوچەی توێژینەوە زەویەکانیان بۆ مەبەستی نیشتەجێبوون و خزمەتگوزاریەکانی تر بەکار هێناوە لەلایەك، وە تاوەکو ئێستاش گازینۆو کافتریاو یانەکان، لەناو کۆمەلگادا، پێگەیەکی نزمی هەیە و ناتوانرێت لەناو گەڕەکەکانی نیشتەجێبوون بلاو ببنەوە لەلایەکی تر. نەخشەی (٩).

تەوەرەی حەوتەم : سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت

لەکۆتایی سەدەی رابردوو جۆرێکی تر لە خزمەتگوزاری پەیدابوو بەتایبەت لەشارەکان لەلایەنی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی ئەویش خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بوو، ئێستا لایەنێکی لە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی گرتووە و دانیشتوان بەمەبەستی بەسەر بردنی کات سەردانی سەنتەرو ناوەندەکانی خزمەتگوزاریەکانی ئینتەرنێت دەکات[1].

لە ناوچەی توێژینەوەدا (٤) سەنتەری ئینتەرنێت هەیە، کە ڕووبەرەکەیان (٨٥٠)م٢ یە، خشتەی (٩)، و ڕێژەی (٠.٠٤٪)ی لەکۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە.

خشتەی (٩)

ناوو ڕوبەری سەنتەری خزمەتگوزاری ئنتەرنێت بەپێی گەرەگ لەشاری رانیە لەسالی ٢٠١٠

| ژ | خزمەتگوزاری ئینتەرنێت | ناوی گەڕەك | ڕوبەر بە م٢ | ٪ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ئینتەرنێتی سەربەست | قەلات ١ | ٣٠٠ | ٣٥.٣ |
| ٢ | کافێ و ئنتەرنێتی کارمەند | قەلات ١ | ٢٥٠ | ٢٩.٤ |
| ٣ | ئینتەرنێتی ئاسیا | سەرا | ٢٠٠ | ٢٣.٥ |
| ٤ | کافێ و ئینتەرنێتی ڕێباز | سەرا | ١٠٠ | ١١.٨ |
| کۆی گشتی | | | ٨٥٠ | ١٠٠ |

سەرچاوە: سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٧ – ١٩ / ٥ / ٢٠١٦ .

لە خشتەی (٩)ەوە بۆمان دەردەکەوێت کە گەڕەکی قەلاتی یەك (٢) سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لێیە ئەوانیش ئینتەرنێتی سەربەرست ڕووبەری (٣٠٠)م٢ یەو ڕێژەی ( ٣٥.٣٪) ی لەکۆی ڕووبەری سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە، وە ئینتەرنێتی کارمەند ڕووبەری (٢٥٠)م٢ یەو ڕێژەی (٢٩.٤٪) ی لەکۆی ڕووبەری سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە.

(١) خلف حسین علی الدلیمی، تخطیط الخدمات المجتمعیة والبنیة التحتیة، المصدر السابق، ص٢٠٤..

نەخشەی (٩)

دابەش بوونی جوگرافی کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی .

٣. سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٠–١١ / ٥ / ٢٠١٦ .

لەگەڕەکی سەرا (٢) خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لێیە، ئەوانیش سەنتەری ئینتەرنێتی ئاسیا ڕووبەری (٢٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (٢٣.٥٪) ی لەکۆی ڕووبەری سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە، و ئینتەرنێتی ڕێباز ڕووبەری (١٠٠)م٢ یەو ڕێژەی (١٠.٨٪) ی لەکۆی ڕووبەری سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لە ناوچەی توێژینەوە دا پێکهێناوە، بوونی ئەم خزمەتگوزاریەش تەنها لەم دوو گەڕەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە نزیکترین شوێنن لە سەنتەری بازارەوە، یاخود دەتوانین بڵێین سەنتەری بازاری ناوچەی توێژینەوە کەوتوەتە ئەم دوو گەڕەکەوە (قەڵات١ ، سەرا) وە زۆربەی زەوییەکانیان بۆ مەبەستی بازرگانی بەکارهێناوە، وە سەنتەرەکانیش تەنها لەو گەڕەکانە سودی ئابووری زیاتر بەدەستدەهێنن، بەهۆی نزیکی و بوونیان لەبازارەکان، و پێداویستی دانیشتوان بە ئینتەرنێت. نەخشەی(١٠).

## باسی سێیەم

## هەڵسەنگاندنی ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە

هەڵسەنگاندی ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی هۆکارێکە بۆ دەرخستنی توانای خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لەهەر ناوچەیەك دا، و دەبێتە مایەی بەرچاوڕوونی بۆ بەرپرسان کە ئایا لە چ ئاستێکدایە، بەرزە یاخود نزمە و شار پێویستی بە زیاتر خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی یە یان نا، وە بنەمایەکی سەرەکییە لەکاتی پلاندان بۆ شار، هەندێ لە خزمەتگوزاریەکانی خۆشگوزەرانی هەڵسەنگاندنیان ئاسانە بەراورد دەکرێت بە ژمارەی دانیشتوانەکەی یاخود ڕووبەری شار، وە هەر پێوەرێك هەبێت بۆ هەڵسەنگاندی ئاستی خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە ئەوا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، بەڵام هەندێکی تریان هەڵسەنگاندنیان قورسەو پێوەرێکی دیارو ڕوون نیە بۆ هەڵسەنگاندنیان، و دەکەوێتە سەر چالاکی و کردارەکانیان، بۆیە لێرەدا ئەگەر هیچ پێوەرێك نەبوو بۆ هەڵسەنگاندنی هەندێك لە خزمەتگوزاریەکانی خۆشگوزەرانی، ئەوا بەهۆی جیاوازی ژمارەیی خزمەتگوزاریەکە لەنێوان گەڕەکەکانی شاردا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین.

تەوەرەی یەکەم : هەڵسەنگاندنی باخچەو پارکە گشتییەکان

بەپێی پێوەری ناوخۆیی عێراقی، هەر تاکێك (٦.٥)م٢ لە باخ و پارکی گشتی بۆ دانراوە(١)، ژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە (٧١٢٩٥) کەس بووە لەساڵی (٢٠١٠) (٢)، ڕووبەری پاخچەو پارکە گشتییەکانی ناوچەی توێژینەوە (١٢٢٣٩٧)م٢ یە، بەپێی ئەم پێوەرە ڕووبەری گشتی باخچەو پارکەگشتییەکانی ناوچەی توێژینەوە دابەشی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دەکەین، بەم جۆرە هەر تاکێك لەشاری ڕانیە ڕووبەری (١.٧)م٢ لە باخچەو پارکی گشتی بەردەکەوێت، وە هەر تاکێك ڕووبەری (٤.٨)م٢ کەمتر بەرکەوتووە بەپێ پێوەری ناوخۆیی عێراقی، واتا ناوچەی توێژینەوە پێویستی بە ڕووبەری (٣٤١٠٢٠)م٢ لە باخچەو پارکی گشتی هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ستانداری عێراقی، کەواتە ڕوویەری باخچەو پارکەگشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە لەئاستێکی خراپ دایە.

---

(١) ریاض کاظم سلمان الجمیلی، کفاءة التوزیع المکانی للخدمات المجتمعیة (التعلیمیة و الصحة والترفیهیة) في مدینة کربلاء، المصدر السابق، ص٢٨٩.

(٢) حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، زانیاری سەبارەت بەژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە.

## نەخشەی (١٠)

## دابەش بوونی جوگرافی سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە ناوچەی توێژینەوە لە ساڵی ٢٠١٠




سەرچاوە: کاری توێژەران بەبەکارهێنانی بەرنامەی ArcGis ArcMap ١٠.٣ پشت بەست بە:

- سەردانی مەیدانی ، بەرواری ١٧ – ١٩ / ٥ / ٢٠١٦ .

تەوەرەی دووەم : هەڵسەنگاندنی یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی

بەپێی پێوەری نێودەوڵەتی، هەر یاریگاو هۆڵێکی لەش جوانی خزمەتی (٣٠٠٠ بۆ ٤٠٠٠) کەس دەکات[1]، ئەگەر خزمەتکردنی یەك یاریگاو هۆڵی لەش جوانی بۆ (٣٠٠٠) کەس هەژمار بکەین، ئەوا یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی لە ناوچەی توێژینەوە کە (١٧) یاریگاو هۆڵی لەش جوانی لێیە، خزمەتی (٥١٠٠٠) کەس دەکات و نزیکەی (٧) یاریگا و هۆڵی لەش جوانی کەمە، بەڵام ئەگەر خزمەتکردنی یەك یاریگاو هۆڵی لەش جوانی بۆ (٤٠٠٠) کەس هەژمار بکەین، ئەوا یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی لە ناوچەی توێژینەوە خزمەتی (٦٨٠٠٠) کەس دەکات، و تەنها (١) یەك یاریگا یان هۆڵێکی لەش جوانی کەمە، بەم شێوەیە لە ناوچەی توێژینەوە یاریگاو هۆڵی لەش جوانی لەئاستێکی تا ڕادەیەك باش دایە.

تەوەرەی سێیەم : هەڵسەنگاندنی کتێبخانەکان

بەپێی پێوەری وڵاتی عەرەبستانی سعودی(*)، لە بەشی پلاندانانی وەزارەتی شارەوانی و لادێکان، هەر کتێبخانەیەك خزمەتی (٥٠٠٠٠) کەس دەکات[2]، لە ناوچەی توێژینەوە دا ( ٢ ) کتێبخانەمان هەیە، بەم پێەش ئەم دوو کتێبخانەیە خزمەتی (١٠٠٠٠٠) کەس دەکات، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە (٧١٢٩٥) کەسە، کەواتە بەپێی ئەم پێوەرە ناوچەی توێژینەوە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی کتێبخانەکان لەئاستێکی بەرزدان و دەتوانن خزمەتی (٣٠٠٠٠) کەسی تر زیاتر لە دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە بکەن.

تەوەرەی چوارەم : هەڵسەنگاندنی ناوەند و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان

بەپێی پێوەری ناوخۆیی عێراقی ، هەر سەنتەرێکی گەنجان و ناوەندێکی ڕۆشنبیری خزمەتی (٢٠٠٠٠) کەس دەکات[3]، لە ناوچەی توێژینەوەدا (٩) ناوەندو سەنتەری ڕۆشنبیری هەیە، بەم پێیەش خزمەتی (١٨٠٠٠٠) کەس دەکەن، واتا خزمەتی زیاتر لە دوو ئەوەندەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە دەکەن، کەواتە ژمارەی ناوەندو سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان لە ناوچەی توێژینەوە لە ئاستێکی بەرزدان.

تەوەرەی پێنجەم : هەڵسەنگاندنی ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان

بەپێی پێوەری ئەمریکی، هەر یەك ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەیەك خزمەتی (٢٠٠٠٠) کەس دەکات[4]، لە ناوچەی توێژینەوە دا ( ٤ ) ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەمان هەیە، بەم شێوەیەش ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەکانی ناوچەی

---

(١) خلف حسين علی الدليمی، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية، المصدر السابق، ص٢٠٦.

(*) بەکارهێنانی پێوەری سعودی، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە توێژەر دوای گەڕانێکی زۆر، پێوەری عێراقی دەست نەکەوتووە بۆ ئەم جۆرە خزمەتگوزاریە، وە بەهەمان شێوەش بۆ سەرجەم بەکارهێنانی پێوەرەکانی تریش.

(٢) حكومة المملكة العربية السعودية، وزارة الشؤون البلدية والقروية، دليل معايير التخطيطية للخدمات، الرياض، الطبعة الاولى، ١٤٢٦هـ، ص١٣.

(٣) رياض كاظم سلمان الجميلی، كفاءة التوزيع المكانی للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحة والترفيهية) في مدينة كربلاء، المصدر السابق، ص٢٩٠.

(1) Roger A. Lancaster, recreation Park and Open Space Standards and Guidelines, national recreation and park association, ١٩٨٣, p ٦١.

تویژینەوە خزمەتی (٨٠٠٠) کەس دەکات، لە کاتێکدا ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە (٧١٢٩٥) کەسە، کەواتە بەپێی ئەم پێوەرە ناوچەی تویژینەوە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان لەئاستێکی بەرزدان و دەتوانن خزمەتی (١٠٠٠٠) کەسی تر زیاتر لە دانیشتوانی ناوچەی تویژینەوە بکەن.

تەوەرەی شەشەم : هەڵسەنگاندنی کافتریاو گازینۆ و یانەکان

هیچ پێوەرێك نەبوو تاوەکو بەشێوەیەکی زانستی و ژمارەیی هەڵسەنگاندن بۆ کافتریاو گازینۆ و یانەکانی ناوچەی تویژینەوە بکەین، ژمارەی کافتریاو گازینۆ و یانەکان (٨) دانەیەو دابەش بوون بەسەر (٥) گەڕەکی شاردا، لەڕووی دابەش بوونیان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەشێوەیەکی یەکسان نیە، بۆ نمونە گەڕەکی سەرا (٤) یانە و گازینۆی لێیە، بەلام لە (٢٩) گەڕەکی تری شاردا هیچ یەکێك لە کافتریاو گازینۆ و یانەی لێ نیە، دەتوانین بڵێین ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی تویژینەوەدا لە ئلستێکی زۆر خراپ دایە لە ڕووی دابەشبوونی بەسەر گەڕەکەکانی شاردا.

تەوەرەی حەوتەم : هەڵسەنگاندنی سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت

بەهەمان شێوەی کافتریاو گازینۆو ینەکان هیچ پێوەرێك نەبوو تاوەکو بەشێوەیەکی زانستی و ژمارەیی هەڵسەنگاندن بۆ سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت لە ناوچەی تویژینەوە بکەین، ژمارەی سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت (٤) دانەیەو دابەش بوون بەسەر (٢) گەڕەکی شاردا، لەڕووی دابەش بوونیان بەسەر گەڕەکەکانی شاردا بەشێوەیەکی یەکسان نیە، بۆ نمونەهەریەك لە گەڕەکەکانی سەرا و قەلاتی یەك (٢) سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتیان لێیە، بەلام لە (٣٢) گەڕەکی تری شاردا هیچ سەنتەری خزمەتگوزاری ئینتەرنێتی لێ نیە، دەتوانین بڵێین ئەم خزمەتگوزاریە لە ناوچەی تویژینەوەدا لە ئلستێکی زۆر خراپ دایە لە ڕووی ژمارە و دابەشبوونی بەسەر گەڕەکەکانی شاردا.

## دەرئە نجام

١. گرنگـی خزمـەتگوزاری خۆشـگوزەرانی لـە بوارەکـانی پڕکردنـەوەی کاتـەکانی بـەتاڵی بەباشـترین شـێوە و دروکەوتنەوەی منداڵ لە باڵەخانەکانی نیشتەجێ بوون و یارمـەتی پەرەپێدانی توانـا عـەقلّی و جەسـتەییەکانی گەنجان و وەك هۆکارێك بۆ ناسینی شار لەلایەن خێزانەکان و تێکەڵاوی لەنێوان تاکەکان خۆی دەنوێنێت.

٢. خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە ناوچەی توێژینەوە دا بریتین لە باخچەو پارکەگشـتییەکان، یاریگـاو هۆڵـەکانی لەش جوانی، کتێبخانەکان، ناوەنـدو سەنتەرەڕۆشـنبیریەکان، ڕووە کـراوە ئاویـەکان و مەلەوانگـەکان، کافتریـاو گازینۆو یانەکان، سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت.

٣. خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی لە شاری ڕانیە ڕوبەری (١.٩٨) کم٢ پێکهێنـاوە، کـە دەکاتـە ڕێـژەی (١٢.٦ ٪) ی کۆی ڕوویەری شاری ڕانیە بەپێی سنوری شارەوانی ٢٠١٠، کە ڕووبەرەکەی (١٥.٦٥) کم٢ یە.

٤. هەڵسەنگاندنی هەریەك لە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانیەکانی ناوەند و سەنتەرە ڕۆشنبیریەکان و کتێبخانەکان و ڕووی ئاوی کراوەو مەلەوانگەکان و یاریگاو هۆڵەکانی لەش جوانی بەپێی پێوەرەکان لەئاستێکی بەرزدان.

٥. هەڵسەنگاندنی هەریەك لە خزمەتگوزاری خۆشـگوزەرانیەکانی باخچـەو پارکـە گشـتییەکان و کافتریـاو گـازینۆ و یانەکان و هەڵسەنگاندنی سەنتەرەکانی خزمەتگوزاری ئینتەرنێت بەپێی پێوەرەکان لەئاستێکی خـراپ دان و وە بەشێوەیەکی نارێك دابەش بوون.

٦. خزمـەتگوزاری خۆشـگوزەرانی (باخچـەو پارکەگشـتیەکان) ڕێـژەی (٦٨,١٪) ی کـۆی ڕووبـەری خزمـەتگوزاری خۆشگوزەرانی داگیرکردووە و بەپلەی یەکەم دێت، وە خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی (خزمەتگوزاری ئینتەرنێت) ڕێژەی (٠,٤٪)ی کۆی ڕووبەری خزمەتگوزاری خۆشگوزەرانی داگیرکردووە و بەپلەی حەوتەم دێت.

## ڕاسپاردە

١. هەوڵدان بۆ زیادکردنی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لەشاری ڕانیە، چونکە ئەم خزمەتگوزاریانە پەیوەستن بە ژیانی دانیشتوان، و هۆکارێکی سەرەکین بۆ حەسانەوەو هەست کردن بە ئاسودەیی و پشودان.

٢. جێبەجێکردنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان و دابەشکردنیان لەناو سەرجەم گەڕەکەکانی شاردا، بەتایبەت لەو گەڕەکانەی کە هیچ خزمەتگوزارییەکی خۆشگوزەرانی تیادا نیە، یاخود زۆرکەمە.

٣. هاوسەنگی بکرێت لەدابینکردن و جێبەجێ کردنی پرۆژەی خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لەنێوان گەڕەکەکانی شاردا، واتە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەم شێوەیە نەبێت کە گەڕەکێك ژمارەیەکی زۆر خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لەخۆ بگرێت و گەڕەکێکی تریش هیچ یەکێك لە خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکانی تیادا نەبێت.

٤. بەردەوام تێبینی و سەرنج بدرێت وە پلانی بەردەوام هەبێت بۆ ئەو گەڕەکە نوێیانەی کە دروست دەبن لەشاری ڕانیە، یاخود دەخرێنە ناو سنوری شارەوانییەوە، بەجۆرێك ڕێژەیەکی گونجاو بەپێی پێوەرە نێوخۆیی و هەرێمی و نێودەوڵەتیەکان زەوی تەرخان بکرێت بۆ سەرجەم خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان بەپێی ژمارەی دانیشتوان و گەشەی دانیشتوان.

٥. هەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی و بەکارهێنانی زەویە بەتاڵەکانی شار، لەبواری خزمەتگوزارییە خۆشگوزەرانیەکان لەشاری ڕانیە.

## لیستی سەرچاوەکان


یەکەم : سەرچاوە کوردیەکان

أ. کتێب

١. گەردی، ساکار محمد حسن ، ڕۆڵی دانەوێڵە لەدەستەبەرکردنی ئاسایشی خۆراك لەهەرێمی کوردستان، سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی، سلێمانی، ٢٠١٠.

٢. عەبدوڵلا،خەبات ، بنەما تیۆریەکانی جوگرافیای عەسکەری کوردستانی باشور، چاپی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.

٣. عمر، لوقمان وسو، بنەماکانی جوگرافیای گەشت و گوزار بەپراکتیزەکردنی لە قەزای کۆیە، سەنتەری توێژینەوەو پەخشی کۆیە، چاپخانەی شەعب، چاپی یەکەم،٢٠٠٩.

ب. تێزەکان

١. أحمد، پشتیوان شەفیق ، شیکردنەوەیەکی شوێنی بۆ دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای ڕانیە (١٩٥٧-٢٠٠٦)، نامەی ماستەر، (بڵاوکراوە)، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٧.

٢. تۆفیق، پێشڕەو سەمەد، شیکردنەوەیەکی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە، نامەی ماستەر، (بڵاونەکراوە)، کۆلیژی زانستە کۆمەڵایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٠٩.

٣. رشید، شێروان عمر، بنەماکانی جوگرافیای سروشتی و گەشە پێدانی گەشت و گوزار لە پارێزگای سلێمانی، نامەی ماستەر(بڵاوکراوەتەوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان زانکۆی سلێمانی، ٢٠٠٦.

ج. گۆڤارەکان

١. حەفید، سەلاحەدین، توێژینەوەیەك دەربارەی هەردوو کەرتی پیشەسازی خزمەتگوزاری پارێزگای دهۆك (١٩٧٨-١٩٨٩)، گۆڤاری سەنتەری توێژینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ژمارە (٢)، ١٩٩٩.

د. چاپەمەنی و نوسراوە حکومیەکان

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلان دانان، دەستەی ئاماری هەرێم، بەڕێوەبەرایەتی زانیاری و نەخشەسازی سلێمانی، پرۆفایلی قەزاکانی پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان، ٢٠٠٨.

هـ. دام و دەزگا حکومیەکان

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، سەنتەری تەکنەلۆجیای زانیاری، بەشی GIS، ٢٠١٠.

٢. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، زانیاری سەبارەت بەژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، ٢٠١٠.

٣. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی خۆپاراستن .

٤. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی تەندروستی ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ڕاپەڕین ، بەشی مۆڵەتی تەندروستی .

٥. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی ڕانیە، بەشی هونەری، نەخشەی بنەڕەتی شاری ڕانیە،٢٠١٠، بەپێوەری ١:٥٠٠٠.
٦. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی شارەوانی و گەشت و گوزار، سەرۆکایەتی شارەوانی رانیە ، بەشی باخچەکان.
٧. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی وەرزش و لاوانی سلێمانی، ناوەندی وەرزش و لاوانی ڕانیە.
٨. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەر لەپارێزگای سلێمانی ، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر لە ڕانیە .
٩. حکومەتی هەرێمی کوردستان ، وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان ، کتێبخانەی گشتی ڕانیە .
١٠. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی کشتوکاڵ، بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، بەشی کەش ناسی، داتای بڵاونەکراوە، ٢٠١٠.

و. نەخشەو ئەتڵەسەکان

١. حداد، هاشم یاسین حمدأمین و ئەوانی تر، ئەتڵەسی هەرێمی کوردستانی عێراق– عێراق و جیهان، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩.

دووەم : سەرچاوە عەرەبیەکان

ا– کتێب

١. الدليمي، خلف حسين علي ، تخطيط الخدمات المجتمعية والبنية التحتية (أسس – معايير – تقنيات)، دار الصفاء للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى، عمان، ٢٠٠٩.
٢. طالب، جزا توفيق، المقومات الجيوبولتيكية للامن القومي في أقليم كردستان، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠٠٥.
٣. الهيتي، مازن عبدالرحمن ، جغرافيا الخدمات، أسس ومفاهيم، المكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، الطبعة الأولى، الأردن، ٢٠١٣.

ب. تێزەکان

١. رياض كاظم سلمان الجميلي، كفاءة التوزيع المكاني للخدمات المجتمعية (التعليمية و الصحة والترفيهية) في مدينة كربلاء، رسالة دكتوراه، (غير منشوره)، كلية التربية إبن رشد، جامعة بغداد، ٢٠٠٧.
٢. عبدالله، هةلةت رشيد، علاقة المناخ بانتاج التبغ في المجافظة السليمانية، رسالة الماجستير، (غير منشوره)، كلية التربية، جامعة الموصل، ٢٠٠٦.
٣. اللهيبي، أحمد فليح فياض علي ، حوض دوكان في المنطقة الجبلية من شمال العراق (دراسة جيومورفولوجية تطبيقية)، أطروحة دكتوراه، كلية العلوم الانسانية، جامعة الانبار(غير منشوره)، ٢٠١٥، ص٥٦.

ج. گۆڤارەکان

١. لشمرانی، صالح، المساحات الخضـراء بمدينـة مكـة المكرمـة، الجمعيـة الجغرافيـة الكويتيـة، كويـت، عـدد(١١٩)، ١٩٨٨.

٢. النعيمی، أحمد محمد ، التوزيع المكاني للخدمات الترفيهية والترويحية في مدينـة بغـداد، مجلـة الإدارة والإقتصـاد، الجامعة المصتنصرية، بغداد، عدد (٧٨)، ٢٠٠٩.

د. بڵاوكراوه حكومیەكان

١. حكومة المملكة العربية السعودية، وزارة الشؤون البلديـة والقرويـة، دليـل معـايير التخطيطيـة للخـدمات، الريـاض، الطبعة الاولى، ١٤٢٦هـ.

٢. حكومة المملكة العربية السعودية، وزارة الشـؤون البلديـة والقرويـة، دليـل معـايير التخطيطيـة للمنـاطق الترفيهيـة، الرياض، الطبعة الاولى، ١٤٢٦هـ.

سێیەم : سەرچاوە ئینگلیزیەکان

١. Roger A. Lancaster, recreation Park and Open Space Standards and Guidelines, national recreation and park association, ١٩٨٣, p ٦١.

چوارەم : بەرنامەکان

١. بەرنامەی Google Earth .

٢. بەرنامەی Arc Map GIS 10.3

پێنجەم : سەردانی مەیدانی: لە بەروارەکانی (٣ ، ٥، ١٠-١١، ١٧-١٩ ، ٢٧ / ٥ / ٢٠١٦)

شەشەم : ئەرشیف: ئەرشیفی بەرێز (ئاری مستەفا) ، وێنەگری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان، ٢٠١٣/٨/٢٨ .

## پاشکۆی (١)

### ناوی گەڕەك و ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی نیشتەجێبوونی شاری رانیە لە ساڵی ٢٠١٠

| ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان | ژ | ناوی گەڕەك | ژمارەی دانیشتوان |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | رەشەمیرگ | ٣٥٩١ | ١٨ | رزگاری یەك | ٢٧١٠ |
| ٢ | شەهیدان | ٥٣١٦ | ١٩ | راپەرین | ٦٧٨٤ |
| ٣ | ئازادی یەك | ٤٦٤٢ | ٢٠ | بیشەسازی یەك | ١٤٣ |
| ٤ | کیوە رەش | ٥٥٥٥ | ٢١ | قەلاتی دوو | ٢٦٢٧ |
| ٥ | کۆدۆ | ٢٣٥١ | ٢٢ | ئەندازیاران | ٦٥٣ |
| ٦ | هەوار | ١٧٤٥ | ٢٣ | سەردەم | ٤٩٩ |
| ٧ | ئاشتی | ٩٨١ | ٢٤ | پیشەوا | ١٨٦١ |
| ٨ | ماکۆك | ٢٤٠٦ | ٢٥ | سەرا | ٣٦٨٣ |
| ٩ | دابان | ٦٠٦ | ٢٦ | زانکۆ | ١٠٢٦ |
| ١٠ | ماردین | ١٦٢ | ٢٧ | ئازادی دوو | ٤٢١٢ |
| ١١ | مامۆستایان | ١٦٨٠ | ٢٨ | نەورۆز | ٢٧٩٠ |
| ١٢ | قولە | ٢٨٦٨ | ٢٩ | کارۆخ | ١٥٥٨ |
| ١٣ | فەرمانبەران | ٢٥٦٧ | ٣٠ | شارەوانی | ٧١١ |
| ١٤ | قەلات یەك | ٢٨٩٥ | ٣١ | کوێستان | ٢٨٢ |
| ١٥ | رزگاری دوو | ١٦٠٤ | ٣٢ | داستان | ٤٣ |
| ١٦ | بنار | ١٤٤٢ | ٣٣ | رووناکی | ١٠٧ |
| ١٧ | سید فەقیرە | ٨٦١ | ٣٤ | دەروازە | ٣٣٤ |
| | کۆی گشتی ژمارەی دانیشتوان | ٧١٢٩٥ | | | |

سەرچاوە :

١. حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی پلاندانان، بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، فەرمانگەی ئاماری ڕانیە، زانیاری سەبارەت بەژمارەی دانیشتوانی شاری ڕانیە، ٢٠١٠.

## الملخص

## تحليل جغرافي لتوزيع و تقيم الخدمات الترفيهية فى مدينة رانيه

اصبحت حياة الانسان فى هذا العصر اكثر تعقيدا و مملة بالأخص فى المدن، لذلك وجود الخدمات بشكل عام و وخدمات الترفيهة بشكل الخاص، واحد من اهم متطلبات حياة السكان، وجود الخدمات الترفيهة فى المدينة لها اهمية الخاصة و لأن هذه الخدمات مصدر للراحة الجسدية والنفسية وتوفير استراحة للسكان المدينة.

تأتى اهمية هذه الدرسة من خلال اهتمامها لاحد اهم الموضوعات فى جغرافية الخدمات وهو الخدمات الترفيهية، فى مدينة رانيه، باعتبارها منطقة مهمة من حيث عدد السكان . ان هدف الرئيسى لهذه الدراسة هو إظهار و تحليل لكيفية توزيع و تقيم كفأة و مستوى الخدمات الترفيهية فى مدينة رانيه. فى هذا البحث استخدمنا منهج التحليلى و المقارن، بالاعتماد على الاحصاءات اسكانية و الوسائل الكمية و معيار حصة الفرد، لتقيم مستوى الخدمات الترفيهية فى منطقة الدراسة.

وفى الخاتمة وصلت الدراسة الى مجموعة من الاستنتاجات، اهمهم : وجود تنوع فى الخدمات الترفيهية فى مدينة رانيه مثل (الحدائق العامة، حدائق صغيرة، الملاعب، قاعات كمال الاجسام، المكتبة العامة و مكاتب اخري، المراكز الثقافية، المصابح و مسطحات المائية المفتوحة، النوادى، مراكز خدمات انترنت). و حسب حدود خريطة البلدية فى سنة (٢٠١٠) لمدينة رانيه، وصلت مساحة الخدمات الترفيهية الى(١.٩٨)كم٢، و هذه النسبة يعادل (١٢.٦٪) من مجمل مساحة المدينة، و موزعة على احياءات المدينة بشكل غير متساوى.

و من اهم التوصيات البحث: ضرورة وجود البرنامج و خطة المستمرة للاحياء الجديدة فى المدينة، من اجل تخصيص المساحات المناسبة للخدمات الترفيهية فى المدينة، على اساس عدد السكان ونموهم و والمعايير العلمية والعالمية، وهذا من اجل التوازن بين عدد السكان و توزيع الخدمات الترفيهية فى ميدنة رانيه، على ضوء المعيار العملى.

## Abstract

## Geographical Analysis for Distribution and Evaluation of Recreational Services in Ranya City

In today's crowded life of the cities, services in general and particularly recreational services are considered to be one of the significant needs of individuals; this is because recreational service help in relaxing body and mind, and contribute to avoid the daily life routines.

This study investigates recreational services as a significant subject of service geography in Ranya city. The main objective is to analyze geographical distribution of recreational services in Ranya city, and to evaluate the competency of these services in fulfilling the needs of residents of the study area.

In order to achieve the study objectives, analytic and comparative methods were used. Also quantitative approach was applied on population census data and recreational services data to evaluate the competency of recreational services and determine per capita services.

The study concludes that the most critical recreational services in the study are gardens, open spaces, play grounds, gyms, libraries, cultural centers, open water bodies, swimming pools, cafeterias, casinos, and clubs. In Ranya city, the above mentioned services occupy 1.98 square kilometers (equivalent to 12.6%) of the 15.65 square kilometers of city's area. Furthermore, it is noticed that the distribution of recreational services in the city is heterogeneous.

The paper recommends that there has to be regular planning for assigning recreational services to the new developed areas in the city according to population growth based on domestic and international standards.